# ئیعدامی پێشمه رگه ی شۆڕشگێڕی کۆمه ڵه هاوڕێ ئیسماعیلی موحه مه دی مه حکوم ده که ین

به ره به یانی رۆژی 13 ی خه رمانان دروست له ساڵیادی شه هاده تی هاوڕێی رێبه ر کاک سدیقی که مانگه ر دا پێشمه رگه ی قاره مانی کۆمه ڵه هاوڕێ ئیسماعیلی موحه مه دی له زیندانی ورمێ ئیعدام کرا ، ئه و جینایه تانه هه وه ڵ جار نین. و ئاخر جاریش نابن ، به لام دوژمنانی ئازادی و دیموکراسی و مافی ره وای گه له که مان، قه ت ناتووانن وره ی پۆلاینی گه لی کورد و کۆمه ڵه شۆڕشگێڕه که ی و تێکۆشه رانی تێک بشکێنن ، به دڵنیایه وه به دووای راپه رینه که ی گه لی کورد که به شه هید کردنی شوانه ی سه ید قادر له مه هاباده وه ده ستی پێکرد و هه موو کوردستانی ته نیه وه کۆماری ئیسلامی باش بۆی ده رکه وت که ئه مجاره یان ئه گه ر ئه و شۆڕشه چۆن هه موو کوردستانی داگرت به شه کانی تری ئێران و گه لانی دیکه ی بن ده ستی حکومه تی تارانیش بێنه کایه وه گلۆڵه ی عومری ئه و رژیمه نگریسه به ره و لێژی ده با و چی دی مه ودای سه رکوتی پێ نادا ، هه ر بۆیه کۆمه ڵه داوای خۆ ته یار کردن ده کا و هه وڵ ده دا که که ره سه کانیشی بۆ دابین بکا، که هه ره گرنه کانیان بریتین له پێکهێنانی به ره ی گه لانی بن ده ستی ئێران،به ره ی ئازادی ودیموکراسی خوازی له ئێران ، به ره ی کوردستانی و پته وترکردنی ریزه کانمان ، هه ر بۆیه ئه حمه دی نژادی تروریستیش که وتۆته په له قاژه وه و به ئیعدام کردنی رۆڵه هه ره به ئه مه ک و چاونه ترسه کانمان ده یه وێ چاوترسێنمان بکا و وره مان پێ به ردا،ئێمه نه ته نیا ناترسین به ڵکو له سه ر داوا ره واکانمان سورتر ده بین و جارێکی دیکه بریار له گه ڵ هاوڕێ سدیقی که مانگه ر و پێشمه رگه ی گیان به ختکردوو کاک ئیسماعیل تازه ده که ینه وه که درێژه ده ری ئه وڕێبازه ده بین وتا وه دیهێنانی هه موو ئامانجی به رز و شۆڕشگێڕانه یان بۆ چه وساوه کانی کوردستان ئارام ناگرین وئارام و قه راریش له دوژمن هه ڵده گرین.

ئێمه به بۆنه ی ئه و جنایه ته ی کۆماری ئیسلامی هاو خه می وسه ره خۆشی خۆمان له بنه ماڵه وخێزان و کۆرپه نخشینه کانی کاک ئیسماعیل وهاوڕێ که ریم موحه مه دی و له هه موو خه ڵکی بۆکان و فه یزوڵلابه گی وتێکۆشه رانی ریزه کانی کۆمه ڵه و گه لی کورد ده که ین و منداله چاوگه شه کان و دایکه ره شپۆشه که یان دڵنیا ده که ین که خوێنی به فیرۆ ناچێ و بۆ به سه زا گه یاندنی تاوان باران هه موو توانایی خومان ده خه ینه گه ڕ،ئێمه داوا له هه موو ئازادیخوازان و مرۆڤ دۆستانی دونیا ده که ین ئه و جینایه ته و هه موو جینایه ته کانی کۆماری ئیسلامی ئێران مه حکوم بکه ن .

کۆمه ڵه ی شۆڕشگێڕی زه حمه تکێشانی کوردستانی ئێران – کومیته ی ئوروپای ناوه ندی

6.9.2005